# خیانەتێک بە ژمارە تۆماری

## (الحادي والثلاثون والسادس عشر(3116) )

جێگر بەختیار



چیرۆک

٢٠٢٥

# خیانەتێک بە ژمارە تۆماری
# (الحادي والثلاثون والسادس عشر(٣١١٦) )

جێگر بەختیار

چیرۆک

ملازم جوامێر ئێوارێ گەڕایەوەماڵ، جامانە کوردییەکەی فڕێدا سەر مێزی نان خواردن. جامانەکەی، ئەوێ ڕۆژێ لە مۆزەخانەیەک دزی. دارەکەی لە پشت دەرگەکە جێهێشت و ڕووە و وێنەی (هێما)ی کوڕی چوو. باش نەیدەتیت، بە ناچاری لالەکەی پێکرد، کە لە داپیرە گەورەی باپیری بۆی بەجێمابوو. پێش شۆڕش، ملازم جوامێر و هاوسەرەکەی، کە ژنێکی فەیلی بوو و ڕەدووی رۆبۆتی ژمارە 718E کەوت، لەناو باولێکی ژەنگاوی دەریان هێنا. تا هەنووکەش ملازم جوامێر بەکاری دەهێنێت، چونکە کارەبای نییە لە ماڵێ و هیچ شتێکیشی بە کارەبا ئیش ناکات.

لالەکەی لەسەر مێزی نان خواردن دانا. وێنەی هێمای جوانەمەرگ لە دیوارەکە داگرت و توند بە سینگییەوە نووساند. لەسەر کورسییەکی دار دانیشت. هەر ئەوەیان ماوە، ڕەنگە کورسییەکانی دیکەی لەکاتی تووڕەبووندا شکاندبێت. سەیری وێنەکە دەکات و دەڵێت، "تاقە کوڕە شەهیدەکەم."

هێمای هەشت ساڵان لە شەوێکی درێژی زستان کە بارانێکی بەلێزمە دەباری، لە دارستانێکی چڕ ون بوو. چەند مانگێکی سەرەتا بە وردی و بە چڕی بەدوایدا گەڕان بەڵام هیچ ئاسارێکی بەدیار نەکەوت. دواتر ملازم جوامێر بۆی دەرکەوت کە دایناسۆرێک لووشی داوە، ئەمەش لە دوای

ئەوەی کە لەم شەوە دوور و درێژە، هێما لە یاری ئەلیکترۆنی (the dragons killer’s) هێزی خۆی لەدەست دەدات و بەرانبەر دایناسۆرەکان شکست دەهێنێت.

718E درکی بەو زانیارییانە کرد. ئەو ڕۆبۆتێکی خۆشەویست و گرنگ بوو لەلای ماڵباتی جوامێر. ڕۆبۆتەکە توانی لە ڕێگای چەند بەستەرێکەوە بگاتە دوایین ئەو شوێنانەی کە هێما بۆی چووە، تا ئەوەی ون دەبێت و تەواوی پەیوەندییەکانی دەپچڕێت. ملازم جوامێر تا ئێستاش ئەو بلوورە شووشەیەی ماوە کە هێما دەچووە ناوی و یارییە ئەلیکترۆنییەکانی تێدا دەکرد. بلوورەکە یەک مەتر و چل سانتیمەتر بەرز بوو بە نیوە ترەی سی و پێنج سانتیمەتری، دوای بەکارهێنەر دەچووە ناوی و لە ژوورەوە دەرگەی لەسەر خۆی دادەخست، بەکارهێنەر لە جیهانی فیزیکی دەچووە ناو جیهانی یارییەکان. بەڵام بە هۆی ئەم کارەستاوە و ملازم لە تووڕەیان بە دار کەوتووەتە وێزەی و بە هەرچی کۆمپانیایی ئەلیکترۆنییە چاک نابێتەوە. لە ڕاستیدا ئەم بلوورە بە شێوەیەک بەرهەم هێنراوە کە بەبێ کارەبا کار ناکات، هێما کاتێک دەچووە ناوی، تێکەڵ دەبوو بە کەشی ئەو یارییەی کە دەیکرد، ئەگەر دوو گۆڵی بکردایە خۆی دەبووە یاریزان و لە یاریگا خۆی دەبینییەوە، ئەگەر پێشبڕکێی ئۆتۆمبێلی بکردایە ئەوا سووکانێکی دەکەوتە دەست و لە ڕێگەدا خۆی دەبینییەوە،

هەڵبەت ئەگەر تووشی ڕووداوی هاتووچۆ ببووایە ئەوا زامدار دەبوو، بگرە مەترسی گیان لەدەستدانیشی هەبوو. جارێکیش لە یارییەکی دوو گۆڵی تووشی پێکان بوو و قاچی چەپی ئازاری پێگەشتبوو، تا ماوەیەکی زۆر نەیتوانی هیچ یارییەک بکات.

ملازم، ئاسایش و سەلامەتیی ماڵەکەی بە E 718 سپارد بوو، ئەویش بە ژیری دەستکرد AI بەرنامە کرابوو، کاردانەوەی تەواوی هەبوو لە بەرانبەر هەموو کارەکانی دەوروبەری. هەر لەبەر ئەوەش بوو دوای ونبوونی هێما یان بە قسەی ملازم شەهیدبوونی هێما، 718E بەبەردەوامی لە دەوری نیشتمان خانی هاوسەری ملازم جوامێر بوو. هەوڵی دەدا دڵنەوایی نیشتمان بکات و ئارامی بکاتەوە، فرمێسکەکانی بسڕێت و سەری نیشتمان بخاتە سەر سینگی پلاتینی خۆی، ئەگەرچی سینگە پلاتینییەکەی بە سیلیکۆنێکی ئۆرجناڵ ڕووپۆش کرابوو، بەڵام هەست بە ڕەقییەکەی دەکرا.

718E گرنگی پتر بە نیشتمان خان دەدا، نەیدەهێشت تەنانەت دەستی لەناو ئاوی گەرم و ساردیشدا بنێت. هەموو کارێکی بۆ دەکرد: شووشتنی قاپ و جل، پاککردنەوە، گسکدان، هتد.

کاتێکیش دەیزانی هۆرمۆنەکانی نیشتمان گۆڕاوە، نەیدەهێشت چرکەیەکیش دڵتەنگ بێت، بەتایبەت ئەو کاتانەی کە ملازم جوامێر لە ماڵەوە نەبوو، چەندان شەو سەفەری بۆشاییی ئاسمانیان پێکەوە دەکرد و بۆ ماوەیەکی درێژ دەمانەوە. چوونە بۆشاییی ئاسمان و دوورکەوتنەوە لە زەوی، گەشتی دڵخوازی نیشتمان بوو، تا دوورتر دەکەوتەوە تەمەنی بچووکتری خۆی لە سەر هەسارەی زەوی دەبینی، ئەگەرچی گەڕانەوە بۆ گەنجی ئاواتی هەمیشەیی بوو، بەڵام زۆر کات لەو شوێنە دەوەستا کە هێمای کوڕی لەلای بوو و بەیەکەوە یاریان دەکرد.

ملازم جوامێر لە بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی شار دەوامی دەکرد، دەوامێکی ئاسان، چونکە ژمارەیەکی زۆر ڕۆبۆت دامەزرێنرابوون. هەر بۆیە ملازم جوامێر لە دوای بیست ساڵ هێشتا پلەی بەرز نەکرابۆوە. بەپێی یاسا دەبا سێ ساڵ جارێک پلەکەی بەرز کراباوە، بەڵام لیوا H 1 کە ڕۆبۆتێکی هۆشمەند بوو، یاساکەی گۆڕیبوو، مەرجێکی بۆ پلە بەرزکردنەوە دانابوو: "کارەکەت شەرەفتە، ئەوەی کار نەکات شەرەفی نییە". ئەوەی کارەکەی بەباشی نەکردبا، پلەی بەرز نەدەکرایەوە.

ملازم جوامێر بە گوزەرانی خۆی ڕازی بوو و هیچ کاتێکیش ناڕەزایەتی دەرنەدەبڕی، بەڵام دوای ئەو

ڕووداوانەی بەسەر هێمادا هات و نیشتمانی هاوسەری ڕەدوو کەوت، بیر و ڕای گۆڕا، تۆوی یاخیبوون لە دڵیدا چەکەرەی کرد.

بیری لەوە دەکردەوە چۆن بتوانێت هەموو ئەو کەسانە بدۆزێتەوە کە وەک ئەو بیر دەکەنەوە. بیری لەوە کردەوە لە ئینتەرنێت بەدوایاندا بگەڕێت، بەڵام هەر زوو درکی بەوە کرد کە تەواوی ئینتەرنێت لە بن ژێری دەستکردە. بۆیە پلانەکەی سەر ناگرێت. بە نهێنی دەستی کرد بە گەڕان بەدوای هاوبیرانی. لە سەرەتادا چەند کەسێک بوون، ژمارەیان لە پەنجەی دەست زیاتر نەبوو، بەڵام دواتر ژمارەیان زیادی کرد، بەتایبەت دوای بڵاوبوونەوەی شانە نهێنییەکان. سەرەتا، بە فڕێدانی ئامێرەیلی کارەبایی دەستیان پێ کرد، چونکە پێیان وابوو ژێری دەستکرد دەتوانێت دەست بەسەر ئەواندا بگرێت. ئەوەیان بە یەکەم دەستکەوت و بردنەوە دانا.

پاشان، هەر یەکە بیانوویەکی باشی دۆزییەوە بۆ دەرکردنی ڕۆبۆتەکانی ماڵیان، چونکە بە بێ بیانوو، ڕەنگە هەستیان بەو شۆڕشە کردبا. یەکیان بەهۆی خیانەتی ڕۆبۆتەکەی و ژنەکەی ڕۆبۆتەکەی دەرکرد. یەکێک بە هۆی دەستدرێژییە سێکسییەکانی ڕۆبۆتەکەی بۆ سەر منداڵەکانی، یەکێک بەهۆی تەمبەڵی ڕۆبۆتەکەی. یەکێک لەبەرئەوەی

ڕۆبۆتەکەی زۆر دەڵێت. یەکێک لەبەرئەوەی ڕۆبۆتەکەی شەوان پرخە دەکات، یەکێک لەبەرئەوەی ڕۆبۆتەکەی لەناو خەڵکی دەیشکێنێتەوە و درۆکانی لێ سپی دەکاتەوە، هتد.

ئەوجا ملازم جوامێر سەرپەرشتی ئۆپەڕاسیۆنێکی مەزنی کرد بۆ سەر ڕۆبۆتەکان، بە دارە پۆلیسییەکەی، کە بۆ هەموو ئەندامانی شۆڕشیشی دابین کردبوو، هێرشیان کردە سەر ڕۆبۆتەکانی شار. هەرچەندە داری پۆلیسی پێشڤەچووبوو، پەیداکردنی گران نەبوو. دارەکە پەرەی پێ درا دوای ئەوەی ڕۆبۆتەکان بە هەموو شێوەیەک چەکیان یاساغ کرد و هەموو چەکێکیان لەناو برد. ڕۆبۆتەکان بە هیچ شێوەیەک بە چەک لەناو نەدەبران و چەک تەنیا زیانی بە مرۆڤ دەگەیاند، لە پێناو ئاسایشی نێودەوڵەتی و مافی پاراستنی مرۆڤ و ئاژەڵەکان، چەکیان لە ناو برد. جگە لەو هۆکارانە، ژێر زەوی چیتر نەوتی تێدا نەمابوو و وەبەرهێنانی نەوت شکستی هێنا، هەرچی لە ناخی زەویدا بوو بەرپرسان لووشیان دابوو. لەبەرانبەر چەک پەرەیان بە داری پۆلیسی دا، کە درێژییەکەی مەترێک دەبوو و سەرەکەی دوو پارچە ئاسنی بەهێزی پێوە بوو و بە وایەرێکەوە بەسترابوون. وایەرەکان درێژ کرابوونەوە ناو دارەکە و بە پیلێک پاڵپشت دەکران کە هێزەکەی ٢٤ ڤۆڵت بوو. کاتێک سەری دارەکە لە مرۆڤێک یان ڕۆبۆتێک دەدرا، کارەبای دەکەوتە سەر و دەمرد. لە پێناو ئەوەی داری

پۆلیسی بێلایەن بمێنێتەوە، بە هیچ شێوەیەک بە AI بەرنامە نەکرا، نە بادا لەو کاتەی پۆلیسێک ڕۆبۆتێکی تاوانبار بەم دارە لەناو دەبات، ڕۆبۆتەکە شەپۆلی خۆی بنێرێت بۆ دارەکە و دارەکە نەتوانێت کارەکەی بەباشی جێ بەجێ بکات. بۆیە ملازم جوامێر توانی بە ئاسانی چەندان هەزار لەو دارە دروست بکات.

سەرەتا، شۆڕش بە نهێنی بوو. لە دواوە یان بە فێڵ دارێکیان لە ڕۆبۆتێک دەدا و لەناویان دەبرد. بەم شێوەیە ژمارەیەکی زۆری ڕۆبۆتیان نەمان. پارێزگاری شار کە ڕۆبۆتی AI 1 بوو، درکی بەم ڕووداوانە کرد و بە ڕووداوی نائاسایی لە قەڵەمی دان، گۆڕستانی ڕۆبۆتەکان پڕکرابوون لە پارچە پلاتینی بێ کەڵک کە دەبوو دووبارە بتاوێنرێنەوە و پارچەی نوێی لێ بەرهەم بهێنن Ai 1. هەر زوو برووسکە شەپۆلی بۆ تەواوی بەرپرسان نارد تا زووە لێکۆڵینەوە لە ڕووداوانە بکەن.

ملازم جوامێر و هاوبیرانی دەستیان کەشف بوو، هیچ چارەیەکیان نەما جگە لەوەی بە ئاشکرا شۆڕش ڕابگەیەنن، دەشیان زانی ئەمە ئەنجامی باش نابێت.

شۆڕشە مەزنەکە تەقییەوە. سەرەتا لە کۆی هەزار گەڕەک توانیان سی گەڕەک کۆنترۆڵ بکەن سەدان ڕۆبۆتیان

کوژاندەوە. ئەوەی بێلایەن بوو، مرۆڤانێک بوون نەیاندەزانی ئەم ڕۆبۆتانە لەبەرچی لەناو دەبردرێن. جگە لەم مرۆڤانەش بێلایەنی تریش هەبوون. کۆمەڵێک گوێدرێژی تاقیگەکان بوون، ئەم وەچەیەی گوێدرێژ دوای لەناوچوونی تەواوی گوێدرێژەیلی ڕەسەن پەرەی پێدرابوو. بەرهەمی تاقیگە زانستییەکان بوون، ئەوانەی سیاسییە سەرمایەدارەکان پاڵپشتیان دەکرد و برەویان پێدەدا. گوێدرێژەکان بە جۆرێک ڕاهاتبوون کە تەواوی ژیانیان سەرگەرمی خۆشی بن، جگە لەمە هیچی تریان نەدەزانی، لە خراپترین دۆخی ژیانیاندا، بەتایبەتی کاتێ ماوەیەکی زۆر برسی دەکران، بە چەند کورتە ڤیدیۆیەکی زەڕین، دڵخۆش دەکران، بەڵام دەبوو سیاسەتی زەڕینەکە بە دەنگێکی بەرز و ناخۆش پێشکەشیان بکرێت.

خاوەنی هەندێک لەو ڕۆبۆتانە بە کوڵ بۆ ڕۆبۆتەکانیان دەگریان. هەندێکیان خۆیان دەکردە قەڵغانی ڕۆبۆتەکانیان. هەندێکیان دوای نەمانی ڕۆبۆتەکانیان، خۆیان دەکوشت.

ڕۆبۆتەکان یاداشتی ڕووداوەکانیان دەکرد، بە دەیان شیعر، چیرۆک و ڕۆمانیان نووسی بە ڕێنووسی (باینەری نەمبەر). هەندێک لەو ڕۆبۆتانە شیعریان لەسەر وەفای مرۆڤ دەنووسی، ملازم جوامێر و کۆمەڵەکەشی بە تێکدەر ناوزەد دەکرد و جیایان دەکردنەوە لە مرۆڤەیلی وەفادار.

ڕۆبۆتەکان ڕایانگەیاند کاتی ئەوە هاتووە بە یەکجاری خیانەتی نیشتمانی لەسەر زەوی نەهێڵن.

دوای مانگێک لە هێرشی بەردەوامی ڕۆبۆتەکان بۆ سەر مرۆڤەکان، ملازم جوامێر و هاوبیرانی ماندوو بوون و کشانەوە. لە چیاکان دابەزین و خۆیاندایە پەنا بینایە کۆنکرێتەکان. هەر ٢٥ شاخیان لە دەست دا کە کۆنترۆڵیان کردبوو. خۆیان لە شوێنە نزمەکان دەشاردەوە، ئەو شوێنانەی ڕۆبۆتەکان حەزیان لێ نەبوو. ملازم و کۆمەڵەکەی هەندێکیان لێ گیرا و هەندێکیان لێ کوژرا، تا دەهات ژمارەیان کەمی دەکرد. بەرگرییان کز بوو، هاوڕێ نزیکەکانی ملازم یەک یەک دەکوژران، شەڕ وەک هەمیشە نابەرانبەر بوو، مرۆڤێک و سوپایەکی ڕۆبۆت. هەڵاتن و خۆشاردنەوەش گران ی‌وو. بۆ هەر کوێیەک بچووبان، بە ئاسانی دەدۆزرانەوە.

ملازم جوامێر بە دیار وێنەکەی هێما کەوتبووە خەیاڵێکی قووڵ، فرمێسک لە چاوانی دەڕژایە سەر وێنەکە. دەنگێک ڕایچڵەکاند، زوو دەنگەکەی ناسییەوە. داوای لە ملازم جوامێر دەکرد خۆی بەدەستەوە بدات، ئیتر هیچ چارەیەکی نەماوە و هیچ شوێنێک نییە خۆی لێ بشارێتەوە. دەنگەکە گوتی ڕۆبۆتەکان بڕیارییان داوە کەسی تر نەکوژن، بە ملازمیشەوە، لەپێناو ئەوەی مرۆڤەکان لەناو نەچن.

لەناوچوونی مرۆڤەکان دەبووە هۆکارێک بۆ لەناوچوونی ڕۆبۆتەکانیش، چونکە لە مرۆڤ باشتریان دەست نەدەکەوت بۆ توێژینەوە لە پێناو پەرەپێدانی خۆیان. لە دوای شۆڕشەوە، ژمارەی مرۆڤ کەمی کردووە و مەترسی لەناوچوونیان هەیە، وەک چۆن کەروێشک و مشک و سەگەکانیش لەناو چوون و هیچ ئاسارێکیان نەما، وەک چۆن مرۆڤ ئێستا لەبری پێستی تیمساح و تووکی بزن و خوری مەڕ و پێستی مانگا و ڕێوی ئێستا کەلک لە تیتانیۆم وەردەگرێت تاکوو خۆی پێدا بپۆشێت. پێشبینی دەکرێت لە داهاتوویەکی نزیک مرۆڤەکان تەنیا شوێنە هەستیارەکانیان داپۆشن، ڕەنگە ئەویش نەکەن.

تا شۆڕشێکی هاوشێوە ڕوو نەدات، سەرگەورەی ڕۆبۆتەکان بڕیاری داوە، لە سەری هەر مرۆڤێک ئامێرێکی هۆشمەند بچێنن تا تەواو درک بە بیرکردنەوە و جووڵەی مرۆڤ بکات و چرکە بە چرکە زانیارییەکانی بنێرێت بۆ بەڕێوەبەرایەتیی زانیاری و ئاسایشی نێودەوڵەتی.

ملازم جوامێر نائومێدانە گوێی ڕاگرتبوو لەو دەنگەی کە باش دەیناسییەوە، ئەو ڕۆبۆتەی لەسەروبەندی شۆڕش پەیوەندی کردبوو بە سوپای پۆلیس و پلەکەی بەرز کرابۆوە تا پلەی ڕائید.

ڕۆبۆتیE 718 دوایین هۆشداری دا، ئەگەر ملازم جوامێر خۆی ڕادەست نەکات، هێرش دەکەنە سەر ماڵەکەی.

ملازم جوامێر وێنەکەی هێمای ماچ کرد و لە باوەشی کرد. پاشان بە دیوارەکەی هەڵواسییەوە. لە پشت دەرگە، دارەکەی هەڵگرت و چووە گەرماو. دارەکەی لە ناو بانیۆ دانا و بە ەبرد شاردییەوە. پاشان، بانیۆکەی پڕ ئاو کرد و خۆی هاوێشتە ناوی. لەرزی، تا گیانی دەرچوو.